


# کوردستان بە دەنگی گەل دەبێتە وڵاتێکی نموونەیی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا

**زۆربەی وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بە شکستی حوکمڕانی و دەسەڵاتی نابەجێ لە بەرەودان و لە پێشکەوتن و دەوڵەتداریدا شکستیان هێناوەو نەیانتوانیوە هاووڵاتیانیان خۆشبژێوی بکەن و سەروەریی خۆیان لە دەست داوە. وێڕای ئەوەی خاوەن سەروەت و سامانێکی زۆرن، بەڵام نەبوونی سەرکردایەتییەکی حەکیمانە و ڕێبەری نەتەوەیی، ئەو وڵاتانەی بەو ئەنجامەی ئێستا گەیاندووە کە لە زۆربەیان جەنگ و ئاژاوە بەرپا بووە، بەڵام دەوڵەتی کوردستان خەریکە لەدایك دەبێت و ئەو دەوڵەتە سەربەخۆیە دەبێتە وڵاتێکی نموونەیی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ئەوەش بە پشتیوانی خەڵکی کوردستان و سیاسەتی حەکیمانەی سەرکردە سیاسییەکانی کورد دەستەبەر دەکرێت. هەر لەم بارەیەوە ڕاوبۆچوونی چەند وەرگرتووە.**

## سوپاسی خودا دەکەین کە لەم سەردەمەی کوردستان دەژین




**وەلید شێخانی:**
ئێمە وەکو خەڵکی ناوچەکانی دەرەوەی ئیداری هەرێمی کوردستان دەبێت سوپاسی خودا بکەین کە لەم سەردەمە دەژین و کوردستان لە سایەی سەرۆك بارزانی لە سەربەخۆیی نزیك دەبێتەوە. بۆیە پشتگیری تەواوی سەربەخۆیی کوردستان دەکەین و ئێستاش لە سایەی هێزی پێشمەرگە ناوچەکەمان ئارامە. بۆیە بە خیانەتێکی گەورەی دەزانم ئەگەر دەنگ بە سەربەخۆیی کوردستان نەدەم. داوام لە قوتابیان و خەڵکی ئەو ناوچانە هەیە، کە دەنگیان بە بەڵێ بێت تا بتوانین سەرکەوتنی یەکجارەکی تۆمار بکەین و ناوی کوردستان بچێتە نێو وڵاتانی جیهان و هاوشێوەی هەر نەتەوەیەك خاوەن وڵاتی خۆمان بین.



## ڕیفراندۆم موڵکی هیچ حزب و لایەنێک نییەو مافی بڕیاردانی گەلە

**میهران شێرۆکی:**
هەڵەترین لێکدانەوە وای کردووە هاوکێشەکە بەم شێوەیە دەربکەوێت، ئەگەر لەگەڵ ڕیفراندۆم بیت، واتە لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستانی، ئەگەریش دژی ڕیفراندۆم بیت، ئەوا دژی پارتیت. تکایە ئەم بابەتە مەکەن بە پرسێکی حزبی، چونکە ڕیفراندۆم واتە بڕیاردان لەسەر چارەنووسی داهاتووی گەلێك. ڕیفراندۆم پرسێکی نەتەوەیی و کۆمەڵایەتییە، لێرەدا کەسانێك بە هەڵە لە ڕیفراندۆم و ئەم پرسە هەستیارە گەیشتوون. ڕیفراندۆم موڵکی هیچ حیزب و لایەنێك نییە بەڵکو مافی بڕیاردانی گەلە کە ئایا ئامادەن جیا ببنەوە لە دەوڵەتێك بەپێی دیاریکردنی سنوور و شوێنی جوگرافی سەربەخۆ، یان ئامادەن جیا ببنەوە لە دەستوور و بنەمای گەلێکی دیکە؟ کوردیش هەروەك گەلانی تری جیهان ئەو مافە ڕەوایەی هەیە داوای سەربەخۆیی بکات. لێرەدا دەمەوێت سەرنج بخەمە سەر داوای ڕیفراندۆم و سەربەخۆیی کوردستان و هەرێمی کەتەلۆنیا. وەك دەزانن هەرێمی کەتەلۆنیا یەکێکە لەو هەرێمانەی کە دەکەوێتە وڵاتی ئیسپانیا، ئەوانیش وەکو ئێمە داوای ڕیفراندۆم و جیابوونەوە دەکەن لە ئیسپانیا، بەڵام جیاوازی هەیە لە نێوان ئەم دوو هەرێمە (کوردستان - کەتەلۆنیا)، چونکە گەلی کورد بەدرێژایی مێژوو خەبات و شۆڕشی یەك لە دوای یەکی بۆ ئەم پرسە کردووە، قوربانی زۆری داوە لەپێناو هێنانەدی ئەم ئاواتە لەمێژینەیە، نموونەش کیمیابارانکردنی هەڵەبجە و ئەنفالکردنی گەرمیان و هەشت هەزار بارزانی، جگە لە بەعەرەب کردنی خاکی کورد و قەتڵوعامی کورد لەلایەن ڕژێمە یەك لە دوا یەکەکانی عێراق، کەچی هەرێمی کەتەلۆنیا بە درێژایی مێژوو بە ئاشتی ژیاوە لەگەڵ ئیسپانیا، هەروەها لەوێ هیچ جیاوازییەك ناکرێت لەنێوان دانیشتووانی کەتەلۆنیا و ئیسپانیا و هەموویان وەکو یەك مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت. سەبارەت بەو کەسانەش کە دەڵێن کاتی ڕیفراندۆم نییە، من دەڵێم: باشە کەی کاتیەتی؟ ڕیفراندۆم وەکو ئەوە وایە کە بتەوێت خانوویەك دروست بکەیت، ئەگەر بناغەیەکی باش و پتەوت بۆ دانا، دەتوانی خانوویەکی قایم دروست بکەی، بۆیە ئیدارە و سیاسەتی کوردیش لە ئەمڕۆ حیسابی قۆناغی پاش ڕیفراندۆمی کردووە و بناغەی باشی بۆ داهاتووی نەوەکانمان داناوە، ئەوەی ماوەتەوە بڕیاری گەلە کە ئایا دەیانەوێت سەربەخۆ بن، یاخود بۆ تاهەتایە لەژێر دەسەڵاتی بێگانە بمێننەوە!




## هەموومان بە یەک دەنگ بڵێین: یان کوردستان یان نەمان

**موئەیەد شەجیع:**


ریفراندۆم یەکێکە لە دیاردەکانی پیادەکردنی دیموکراسی بۆ هەموو گەلێك کە بەو هۆیەوە گەل رای خۆی سەبارەت بە رازیبوون، یان رەتکردنەوەی پرسێکی چارەنووسساز دەدات. ئەو پرسەی کە لە ریفراندۆمدا داوا لە گەل دەکرێت، دەنگی لەسەر بدات، پرسێکی زۆر گشتی و گرنگە، بۆیە پێویست ناکات رق و کینەکانی لایەنە سیاسییەکان تێکەڵ بە پرسێکی وا گەورە و نەتەوەیی بکرێت. ئەرکی نیشتمانی و نەتەوایەتی هەموو لایەنەکان ئەوەمان لێ دەخوازێت هەموومان هەنگاوبنێین بۆ سەرخستنی پرۆسەی ریفراندۆم، لە هدندێ هەلومەرجی ژیاندا شتێك نییە بەناوی جارێکی تر، یان کاتێکی تر، یاخود دەرفەتێکی تر، هەندێك جار یان ئێستا هەڵدەبژێری، یان هەرگیز، بۆیە کاتی ئەوە هاتووە هەموو رەنگەکان یەك بگرن و ببن بە یەك بۆ ئەو روژەی کە ئاشتی و خۆشەویستی دەبێتە جێگرەوەی شەڕ و نەفرەت، هەمووماں بە یەك دەنگ بڵێین یان کوردستان یان نەمان. ■

## هەزاران قوربانیمان بۆ سەربەخۆیی داوە، خوێنیان بەفیرۆ نادەین



**سەلام عەبدووڵا:**

ئێمە نەتەوەیەکین چەندین ساڵە خەبات و کوشش دەکەین لە پێناو گەیشتن بە ئامانج و ئاواتی گەورەمان. لە کوردستان و لە سەر خاکی خۆمان هەوڵی کوردقڕان دراوە، بەڵام ئەم سەردەمە سەردەمی پێشکەوتن و سەربەخۆییە و (٢٥)ی ئەیلوول پیرۆزترین کات و سات دەبێت لە مێژووی کوردوکوردستان و تەنیا سەرشۆڕی بۆ ناحەزانی سەربەخۆیی کوردستان دەمێنێتەوە، بۆیە پێویستیمان بە دەنگی بەڵێ-ی خەڵکی کوردستان هەیە تا بتوانین کارێکی وا بکەین کە جێگەی شانازی هەموان بێت و دەنگمان بە سەربەخۆیی سەرکەوتوو بێت و بگەین بەو خەونە دێرینەی سەربەخۆیی کە ساڵانێکە لە نێو هەست و هزری هەموو تاکێکی کوردە و سەدان هەزار قوربانیمان بۆ داوە. خوێنی شەهیدانمان بەفیرۆ نادەین. ■



## بنەماڵەی شەهیدان دژی ئەو لایەنانەین کە دژی سەربەخۆیی کوردستانن

**رۆڤیا خالید**

ئێستا باشترین دەرفەتە و بارودۆخ گونجاوە بۆ ئەوەی کوردستان سەربەخۆیی خۆی رابگەیەنێ و ئیتر نە عێراق و نە هیچ وڵاتێکی تر نەتوانن هەڕەشە لە کوردستان و گەلی کورد بکەن، هیچ هێز و لایەنێکیش بۆی نییە بمانوەستێنێت، چونکە ئێمە خوێنمان بۆ کوردستان بەخشیوە. ئێمەی بنەماڵەی شەهیدان دژی هەموو ئەو هێز و لایەنانە دەوەستینەوە کە دژی سەربەخۆیی کوردستانن، من وەك کچە شەهیدێك زۆر دلخۆشم کە لە ٩/٢٥ رۆژێکی مێژوویی لە تەمەنی خۆم دەبینم. بۆ من دوو خۆشییە، هەم رۆژی لەدایکبوونمە و هەم پرسێکی نەتەوەییە کە چارەنووسی گەلەکەمانە، زۆر بە خەمیشم بۆ ئەو هەموو رۆڵەی نیشتمانە کە لە پێناو خاك و نیشتمان شەهید بوون و ئەم رۆژە مێژووییەیان بە چاوی خۆیان نەبینی کە هەمیشە بۆی دەجەنگان. من لێرەوە مژدە بۆ شەهیدان دەنێرم کە گۆڕیان پڕبێت لە نوور، ئاسوودە بن، ئێمەی کچ و کوڕی شەهیدان هەمیشە بەردەوام دەبین لەسەر رێبازی پیرۆزی شەهیدان تاماوین لە پێناو خاك و نیشتمان و کورد بوونمان دەجەنگین. ■



## ریفراندۆم رۆحی شەهیدان ئارام و زامی کەسوکاریان سارێژ دەکات

**مەحموود محەمەد:**

مێژوو بە نووسینەوەی خەباتی سەدەها ساڵەی میللەتی کورد و خۆڕاگریی پێشمەرگە لە دژی داگیرکارانی خاکی کوردستان و سەربەرزە و هەر لەو مێژووەشدا باسی خۆفرۆشانی کوردستان دەکرێت. ریفراندۆم دەکرێت و دەیسەلمێنێ کەوا لە سەر دەستی سەرۆك بارزانی ئەو ئاڵای کەوا پێشەوا قازی بە ئامانەت دایە دەست بارزانیی نەمر، ئەوا بەگیان فیدایی پێشمەرگە پارێزراوە تاکو لە ٩/٢٥ لەسەر راسپاردەی سەرۆك بارزانی هەموومان بە بەرزکردنەوەی ئاڵای پیرۆزی کوردستان دەنگ بە بەڵێ دەدەین بۆ ریفراندۆم تاکو رۆحی شەهیدانی کوردستان ئارام بن و دایکی شەهیدان کەمێك لە زامەکانیان سارێژ بێت و خوێنی شەهیدان بە فیڕۆ نەڕوات، ئێمە بووین خەباتمان کرد، قوربانیمان دا، تا بەو رۆژە بگەین، کە ئاواتی هەموانە و پێویستە داکۆکی لەوە بکەین کە هەمانە و تا ئێستا پاراستوومانە و بە سەربەخۆیی بگەیەنین. ■







# هوتێلی بەستەڵەک

لەو کەشە گەرمە، چ لەوە خۆشتر نییە لە شوێنێکی فێنك و دڵڕفێن شەوانەی خۆت بە خەوێکی خۆش بەسەر ببەیت، گەرمابوون لە کاتی خەودا دوژمنێکی مرۆڤە و خەو دەزڕێنێت. وادیارە ئەو کەشە گەرمایە زۆربەی وڵاتانی جیهانی گرتۆتەوە، هەر بۆیە هۆتێلی وایان دروست کردووە کە لە چلەی هاویندا هەست بە سەرما بکەیت، تەواوی ئەو هۆتێلانە لە بەستەڵەك دروست کراون، یان لەو شوێنانە بنیادنراوە کە ناوچەی شاخاوی و بەستەڵەکە، دیارترین ئەو هۆتێلە بەستەڵەکانە بریتیین لە: ئایس هۆتێل - Ice Hotel، دەکەوێتە وڵاتی سوید، کە (١٦) ژوورە و هەر چوار وەرزی ساڵ لە بەستەڵەکە، هوتێلی کاکسلاوتینین- Kakslauutanen Igloo Village دەکەوێتە وڵاتی فینلەندا، لە نێو دارستانە و هەمیشە ساردە. هۆتێلی پومێری- Pommery لە وڵاتی کەنەدا چێ کراوە، (٦٠) ژووری تێدایە و بە بەرگی گیانداران رووپۆش کراوە تا ناوەوەی نەتوێتەوە. هۆتێلی سنۆ — SnowHotel، دەکەوێت وڵاتی نەرویج، کە بڕی (١٥) هەزار تەن بەستەڵەکیان بەکارهێناوە.







# تەمەنی شوێنەوارێکی ئاودێری لە کوردستان زیاتر لە ١٥٠٠ ساڵە

کوردستان، پڕە لە شوێنەواری کۆن، مێژوونووسان ئاماژە بە بوونی هەزاران شوێنەوار دەکەن کە رۆژ لە دوای رۆژ دەدۆزرێنەوە و دەبنە سەرمایەیەکی کەلتووری و مێژوویی بۆ کوردستان. پێگەی جوگرافیی کوردستان بۆ ژیان زۆر گونجاوە بۆیە زۆربەی خەڵکی دێرین لەو دەڤەرە ژیاون، ئەو شوێنە ئاودێرییە یەکێکە لە شوێنەوارە کۆنەکان کە تەمەنی بۆ زیاتر لە (١٥٠٠) ساڵ لەمەوبەر دەگەڕێتەوە. جۆگە ئاودێرییەکان دەکەوێتە باکووری شارۆچکەی کەلار، سەرەتای لە کەناری رووباری سیروان دەستپێدەکات و بە چەند بەشێك ناوەندی شارەکە دەبڕێت بە ئاراستەی باشوور درێژ دەبێتەوە.

مێژووی ئەو ئاودێرە بۆ سەردەمی ساسانییەکان دەگەڕێتەوە و هەندێ لە مێژوونووسان دەڵێن: لە سەردەمی حوکمڕانی کیسرا دروست کراون، هەروەها بۆچوونێکی دیکەش دەڵێ: لە سەردەمی (خەسرەوی پەروێز) لە نێوان ساڵانی (٥٩٠ بۆ ٦٢٨)ی زایینی بۆ کاری کشتوکاڵی ئەو ئاودێرە بنیادنراوە. ئەو ئاودێرە بەپێی تۆبۆگرافیای زەوی شوێنەکە دروستکراوە، کە لەو زەوییانەی بەرزن بە هەڵکەندنی زەوییەکە چێ کراوە، ئەو شوێنانەش کە نزم بوون، بە شێوەی تونێل لە بەردی داتاشراو دیوارەکانی لە بنکەوە بۆ سەرەوەی دروستکراون، بەشی سەرەوەشی بە نیوە بازنەیی کۆتایی هاتووە.



# گەورەترین ئەڵقەی هاوسەری و مارەبڕین

خەونی هەموو ئافرەتێکە کە ئەڵقەی هاوسەرێتییەکەی، نموونەیەکی ناوازە و سەنجڕاکێش بێت، تا چەندیش ناسك و گرانبایی بێت، دەبێتە جێگەی دڵخۆشییان، ئەی ئەگەر گەورەترین ئەڵقەیان پێشکەش بکرێت، ئاخۆ چ کاردانەوەیان چۆن دەبێ؟ ئەوەی دەیبینن گەورەترین ئەڵقەی هاوسەرییە لە جیهان، لە وڵاتی سعودیە دروست کراوە، لە زێڕی عەیار (٢١)ـە و کێشەکەی (٦٤) کیلۆگرامە، هەروەها بە (٥) کیلۆ لە بەردی (شوارڤیسکی) ڕازێنراوەتەوە، ئەو ئەڵقەیە بڕی یەك (ملیۆن) دۆلار تێچووی بووە، لە ماوەی (٣) مانگادا تەواو کراوە، هەروەها نزیکەی (٣٠) دیزاینەر و کاربەدەست سەرپەرشتی دروستکردنی ئەو ئەڵقەیان کردووە. بە نایابترین و بە نرخترین ئەڵقە دادەنرێت، هەمان شێوەی نموونەی ئەو ئەڵقەیە بە لاساییکردنەوە دروست کراوە کە نرخی تەنیا (١٧٠٠) دۆلارە، تەنیا لە ئاوی زێڕ داپۆشراوە، بەڵام هەمان دیزاین و نەخشی ئەڵقە گەورەکەی هەیە.





# پێڵاوی شیکۆڵاتە

شیکۆڵاتە، یەکێکە لە خواردنە بە جۆش و خۆشەکان، کە زۆربەی خەڵك حەزی پێدەکەن، بە تایبەتی منداڵ و ئافرەتان ئەگەر (٣) ژەمە شیکۆڵاتەیان پێبدەیت، وەڕەز نابن، جگە لەوەی بە سادەیی نۆش دەکرێت، هەروەها لە زۆربەی خواردنەکانی دیکەدا پێشکەش دەکرێت، تا هەمووان سوود لە پێکهاتەکانی نێو شیکۆڵاتە وەربگرن، تەنانەت دەکرێتە دیزاین و دیکۆری کەرەستە و پێداویستییەکان، ئەوەتا کۆمپانیای (نایکی ئایر فۆرس)، لە یادی دامەزراندنی (٢٥) ساڵەیدا، وەك ڕێکلامێك بۆ پێڵاوەکانی تا زۆرترین خەڵك سەرنجی بدەن، پێڵاوی لە شیکۆڵاتە دروست کرد، ئەوەش بە داواکردن لە کارگەیەکی شیرینی بۆ دروستکردنی پێڵاوی شیکۆڵاتە، چونکە کاتێك خواردنێك دەخۆیت، بێگومان سەیریشی دەکەیت، بەم جۆرە سەرنجی ئامادەبووان و خەڵکی دیکەشیان بۆ پێڵاوە شیکۆڵاتەکەیان ڕاکێشا. ناوی پێڵاوە شیکۆڵاتەکانیش بریتیین لە: ئایر تێرنەر، نایکی دانك، بلێزەر، هەموو ئەوانە لە نمایشێکی تایبەتی کۆمپانیای نایکی پیشاندرا، وێڕای ئەوەی کە پێڵاوی خانمانیشیان لە شیکۆڵاتە نەخشاندبوو بۆ ئەو ئافرەتانەی سەردانی نمایشەکە دەکەن.




## پوختەی فیلم



**تارماییە سەرشێتەکان - Ghostbusters**

فیلمێکی زانستی و بەجۆشە، باس لە توێژەرێک دەکات بە ناوی (ئابی یێتس) کە ڕۆڵەکەی لەلایەن ئەکتەر (ملیسیا ماکارتی) بینراوە، لەگەڵ کەسێکی فیزیاناس بەناوی (ئیرین گێلبێرت)، لە دوای ئاشکراکردنی دیاردە سەیرەکانن کە لە شاری مانهاتنی ئەمریکی ڕوودەدەن، لەگەڵ تیمێک بەناوی باتی تۆلان، لە دوای دۆزینەوەی تارماییەکانن، کە دواتر لە شەڕێکی داستانیدا لە ناوچەی تایمز سەکوێر بەسەریاندا زاڵ دەبن، ماوەی فیلمەکە (٢) کاتژمێر و (١٤) خولەکە، لە دەرهێنانی (پاوڵ فیوگ)ـە و بودجەکەشی (٢٢٩) ملیۆن دۆلار بووە.



## پەند و وتە

جۆرج بێرنز، نووسەر و ئەکتەری کۆمێدی ساڵی (١٨٩٦) لە شاری نیویورک لە دایکبووە و لە ساڵی (١٩٩٦) کۆچی دوایی کردووە، دەربارەی خۆشەویستی دەڵێ: خۆشەویستی وەك پشت ئێشە وایە، لە نێو پشکنینی تیشکەکان دەرناکەوێت، بەڵام هەستی پێدەکەیت و ئازاریشت دەدات.

## بۆ زانیاریت

### شیزۆفرینیا چییە !

کەسانێك لەناوماندا هەیە، ئارەزوو دەکەن لە جیهانێکی دوور لە واقیع و سەرووی سروشت بژین، بەجۆرێك زۆرجار ئارەزووی تووشبوون بە نەخۆشیەکی وا دەکەن کە لەکاتی تووشبوونیان، دنیایەکی دی و مرۆڤی دیکە و شتی دیکە بناسن! بەڵام تووشبووانی «شیزۆفرینیا» بەبێ ویستی خۆیان وا دەژین، زۆرجار دوچاری خۆکوشتن دەبنەوە بەهۆی سامناکیی حاڵەتەکە. شیزۆفرینیا نەخۆشییەکی مێشکە و زۆرجار لەگەڵ نەخۆشی «دابڕانی کەسی»ی تێکەڵ دەکرێت کە پەیوەندییان پێکەوە نییە، ئەم نەخۆشییە کاریگەری لەسەر زۆر بەشی مێشك دەبێت، وەك ئەو بەشانەی تایبەتمەندن بە بیرکردنەوە، هەست و سۆز و ڕەوشت و.. هتد. ئەم نەخۆشییە بریتییە لەدابڕانی ئەقڵیان لەگەڵ هەست و سۆز و ڕەوشتیان، تووشبووانی ئەم نەخۆشییە بەوە جیادەکرێنەوە کە دوو کەسایەتییان لەناو خۆیاندا بۆ دروست دەبێت، وەکو نووسەری سینەما! لێکۆڵینەوەکانی دەروونزانی دەریانخستووە ١٪ی خەڵك تووشی ئەم نەخۆشییە دەبن و نەخۆشییەکی درێژخایەنە و بە زۆری تا کۆتایی تەمەنیان لەگەڵیان دەمێنێتەوە. دەروونزانەکان دریان بەوە کردووە، تووشبووان لە جیهانێکی ناواقیعی دەژین، کەسانێك، یان شتی وا دەبینن کە لە ڕاستیدا بوونیان نییە، (یان مرۆڤی ئاسایی ناتوانێت بیانبینێت). شیزۆفرینیا زۆر بەکەمی لە منداڵاندا دەردەکەوێت و بەزۆری تووشبووان لە نێوان (١٥-٢٥) ساڵیدا دەبن.

**کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩**

بیرکردنەوەی ئێستات بە داهاتوویەکی باشت دەگەیەنێت، ئەوەندە بێ متمانە مەبە، چونکە متمانەت لەسەر کەسانی دەوروبەرت زیاتر سەرکەوتووت دەکات، هەر بۆیە ئەو کات کارەکە زۆر ئاسان دەبێت و توانای خۆت دەردەخەی بۆ ئەوانەی گومانیان لە تواناکانت هەیە.

**گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠**

بیرۆکەی جوانت بۆ ژیانی خۆت هەیە، بەڵام مەرج نییە هەر هەموویان بۆت ببن، چاوکراوە بە، لەم ماوەیە کەسێك بە نهێنی چاودێریت دەکات، ئێستا لەهەموو کاتێك گرنگترە بۆیە پێویستە بە شێوەیەك خۆت ئامادە بکەی کە سەرکەوتنت مسۆگەر بکات.

**جمک ٥/٢١ - ٦/٢٠**

ڕەنگە کەسێك نیازێکی باشی بۆت هەبێت، بەڵام تۆ ئاگادار نیت و ئەویش لە ناکاو بۆت نیشان دەدات. شێوازی ژیرانەت هەڵبژاردووە لە هەڵسوکەوتت بۆ خەڵکی دەوروبەرت، هەستت بەرز بێت بۆ متمانەی کەسانی بەرامبەرت و هەردەم گەشبین بە.

**قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢**

سەیری ڕابردووی ژیانت مەکە و بەراوردی ئێستاشی مەکە، ئەوەی ڕۆیشت وازی لێ بهێنە و لەسەر کاری ئێستات هەنگاو بنێ، چونکە هەر ئەوەیە دەتگەیەنێتە سەرکەوتن، دڵت فراوان بێت و ئەو نهێنییەی لەلاتە بۆ کەس مەیدرکێنە.

**شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢**

کەسێکی نزیك و خۆشەویستت دەیەوێت سورپرایزێکت بۆ دروست بکات و تۆش لێی قبووڵ بکە، زۆر جار بیرۆکەی وات بۆ دێ کە لە هەموو کەسانی دەوروبەرت دوور بکەویتەوە، ئەوەش هەڵەیەکی گەورەیە و هەردەم تێکەڵ ببیت باشترە.

**گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢**

نابێ هەر کەسێ کە هەڵەیەکی بەرامبەرت کرد، تۆش یەکجاری لێ دوور بکەویتەوە، وا باشە گیانی لێبوردەییت هەبێت و لەگەڵی بگونجێت. کەسێك دەیەوێ نیازی خۆی پێت بڵێ و تۆش هەمیشە وەك خۆت بە و بە دڵفراوانی وەری بگرە و بیری لێ بکەوە.




## فێلکاری وێنە

لەم وێنەیەدا کۆمەڵێك کەناری هەن، تیایاندا هەیە کە باڵندەی ڕاستەقینەیە و ئەوانی دیکەش لە پلاستیك دروست کراون، هەوڵبدە جیاکاری نێوان کەنارییە ڕاستەقینە و پلاستیکەکان بدۆزیتەوە.



## کاریکاتێر

ئەو کاریکاتێرە باس لەوە دەکات کە هێندە گرنگی بە نرخ و بەهای موشەك و تەقەمەنی دەدرێت، ئەوەندە گرنگی بە مرۆڤ نادرێت، یان ئەو پارەی لە چەك و تەقەمەنیدا سەرف دەکرێت، دە هێندەی ئەوەیە بۆ مرۆڤ تەرخان بکرێت.



## نوکتە

کەم ئەقڵێك، ڕومانەیەکی بۆمبی لە دەست دەبێت، ئەوانەی دەوروبەری دەڵێن: ئاگادار بە دەتەقێتەوە و لە دەستت دەرنەچێت. ئەویش دەڵێ: ئاساییە دووانی دیکەم لەلایە!



### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

لەگەڵ کەسێك دانیشتنێك دەکەن و هەموو هەست و بیر و ناخی یەکتر دەناسن، بەڵام مەرج نییە ئەو کەسە کەسی ڕاستەقینە بێت، دەبێ زیاتر لێی ورد ببیتەوە و لە دڵەوە یەکتر بناسن ئەگەر نیازتان هەیە بۆ یەکتر، بیر لە داهاتووی خۆت بکەوە و واز لە کەسانی دیکە بێنە.

### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

ئەگەر داوای یارمەتیت لە کەسێك کرد، بەردەوام بە لە داواکارییەکەت، چونکە ئەو کەسە کارەکەت بۆت دەکات و لە نزیکەوە دڵت خۆش دەکات، بەڵام نابێ لە کارەکانت پاشگەز ببیتەوە و خۆت دوودڵ بکەی، متمانەت بە خۆت بێت و کاری داهاتووت ئاسان دەبێ.

### شایان ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

ئەوانەی نزیکتن، بەرژەوەندی و خۆشیی تۆیان دەوێ، ڕەنگە هەموو کاتێك ئاشنای ئەو کەسانە نەبیت کە دڵیان هاوشێوەی تۆیە لە هەست، بەڵام دەبێ خۆت بیاندۆزیتەوە، چونکە ئەوان لێت دیار نین، لەم ماوەیەدا کارێکی باشت بۆت دەرەخسێ و تۆش کاری لەسەر بکە.

### دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١

ژیان خۆشی و ناخۆشی تێدایە و دەبێ قبووڵی بکەیت، هەندێ جار کاری وادەکەی جێگەی شانازیتە و هەندێ جاریش زۆر پەشیمان دەبیتەوە، لە هەڵەی کەسی بەرامبەرت خۆش ببە و بە جوانی بیر لە داهاتووت بکەوە، کاتێکی خۆش و جوان چاوەڕێت دەکات.

### کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١

ئەو کەسانەی گلەییت لێدەکەن، دەبێ لە دڵەوە وەریان بگریت و بۆ داهاتووشت دەبێت ورياتر بيت، چونکە ساتە بەختێکی ناخۆش بەرۆکت دەگرێ و ئیدی دوای ماوەیەکی کورتیش دەڕوات و نامێنێت، بەڵام دەبێ خۆت ڕابگری و ڕووبەڕووی ببیتەوە.

### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩

ئەوەندە کارئاسانی بۆ خەڵك دەکەیت، دەبێ ئەوانیش بەرامبەر ئەو کارانە چاکەت بدەنەوە، ئەگەر هیچیان بۆت نەکرد، لە دڵت گران نەبێت و بەخشەر بە، چونکە لە ناکاو زۆربەی کارەکانت بە ئاسانی ڕێگە دەگرن و کەسێکی سەرکەوتوو دەبیت.